UNITED NATIONS ASSISTANCE MISSION FOR IRAQ (UNAMI)
بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق
(يونامي)
http://uniraq.org

United Nations Human Rights
OFFICE OF THE HIGH COMMISSIONER FOR HUMAN RIGHTS

## 'Human Rights, Every Day, for All Iraqis'

# برەودان بە ڕێزگرتن و پاراستنی مافی ئەو قوربانیانەی کە گیراون و دووچاری توندوتیژی سێکسی بونەتەوە لەلایەن داعشەوە/ یان لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی داعش لە عیراق

20 ی ئابی 2017

## ناوەڕۆك


أ. پێشەكی ........................................................................................ 1
ب. چوارچێوە ...................................................................................... 1
ت. چوارچێوەی یاسایی .......................................................................... 4
یاسای نێودەوڵەتی ................................................................................ 4
یاسا نێوخۆیی و هەرێمییەكان ...................................................................... 5
میكانیزمەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ..................................................... 6
پ. هەڵوێستە خێلەكی و ئاینیەكان بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی كە دووچاری لاقەكردن و توندوتیژی سێكسی بونەتەوە .. 6
ج. كێشەكانی بواری مافەكانی مرۆڤ .............................................................. 8
ئەو ئافرەتانەی كە لەژێر كۆنترۆلی داعشدان ....................................................... 8.
قوربانیانی توندوتیژی سێكسی و بەكۆیلەكردن و لاقەكردن ........................................ 8
تۆڵەسەندنەوەو ئەم كارانە كە دەگەن بە ئاستی سزای بەكۆمەڵ ..................................... 10
دەستەبەری تەندروستی و سكپربوون ............................................................... 10
منداڵانی لەدایك بوو لەم ئافرەتانەی كە لەژێر چنگی داعشدا بوونە ................................ 11
ح. ڕێكارە پێشنیاركراوەكان ........................................................................ 12
گشتی ............................................................................................... 12
پاراستنی منداڵان لە جیاكاری و مامەڵەی دڵڕەقانە ................................................ 14

# برەودان بە ڕێزگرتن و پاراستنی مافی ئەو قوربانیانەی کە گیراون و دووچاری توندوتیژی سێکسی بونەتەوە لەلایەن داعشەوە/ یان لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی داعش لە عیراق

## أ. پێشەکی

1. ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان ( هەروەها پیاوان و منداڵانیش ) بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە پێکهاتە ئیتنی و ئاینیەکانن، دووچاری زۆرێك لە کاری توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان بونەتەوە [1]، بەتایبەتیش لەلایەن بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ( داعش ) دا.
2. داعش و ژنان و کچان و کوڕانی کردۆتە ئامانجی لاقەکردن و بەکۆیلەکردنی سێکسی و بازرگانی پێکردن و چەندین جۆری تر لە توندوتیژی سێکسی و جەستەیی و دەرونی. ژنان و کچانیش بەشێوەیەکی تایبەت بێبەش نەبوونە لە کاریگەرییەکانی ئەم کێشە چەکدارییەدا کە بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر بێهێز بن و نەتوانن بگەن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە مرۆییەکان وە بەبێ گوێدان بە تایبەتمەندی و پێداویستییەکانیان. وە لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵەی کە دراون بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی گونجاو بۆ ئەم قوربانیانە بەڵام تائێستا ئاستەنگ زۆرن.
3. پێویستە قوربانیان بەرنامەی دووبارە شیاندنەوەیان بۆ ئەنجامبدرێت بۆ نێو خێزان و کۆمەڵگاکانیان لەگەڵ دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی توندوتیژی سێکسی ، هەروەها جێبەجێکردنی سیاسەتێك بۆ بەهێزکردنی و ئەم ژن و کچانە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشەنبیری و ئابوریدا.
4. ئەم باسە هەموو ئەم ئاستەنگانە لەخۆدەگرێت کە ڕووبەڕوی ئەو ژن و کچانە دەبێتەوە کە دووچاری لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی جەستەیی و دەرونی بونەتەوە، هەروەها پێشنیاری ئەو ڕێکارو هەنگاوانە دەکات کە پێویستە حکومەت لەبەرچاویان بگرێت بەمەبەستی برەودان بە ڕێزگرتن لە مافی کچان و ژنان لەهەموو ئان و ساتێکدا.
5. ئەم پەڕاوە هەروەها پشتبەستە بەم زانیاریانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زاری قوربانییەکانەوە وەرگیراوە دەربارەی هەموو پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ / یان هەموو پێشیلکارییە گەورەکان لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کە لەلایەن لێکۆلەرەوەکانی یونامییەوە وەرگیراون.
6. ئەم زانیاریانە هەروەها لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەرگیراون، وەك سەرچاوەی حکومی و ناحکومی و ئاژانس و ڕێکخراوەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئاستی ئەم پێشێلکاریانەی کە لەم پەڕاوەدا هاتووە ئارەزووەکانی داعش نیشان دەدات بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی پەیوەست بە ململانێکان.

---

[1] زاراوەی " توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان" هەروەك لێرەدا بەکارهاتووە دەگەرشێتەوە بۆ لاقەکردن، بەکۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشی بەزۆرەملێ، سکپڕکردنی بەزۆرەملیچ، سك لەباربردنی بەزۆرەملێ، عوقمکردنی بەزۆرەملێ، بەزۆر بەشوودان و هەر جۆرێکی تری توندوتیژی سێکسی کە لەبەرامبەر ئافرەت و منداڵ و کچو پیاواندا ئەنجام دەدرێت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاسەوخۆ پەیوەندی بە ململانێکانەوە هەبێت.

7. ئەم قوربانیانەی کە لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ رزگاریان بووە لە توندوتیژی پەیوەست بە ململانێکان، لەگەڵ منداڵ و خێزان و دایکو باوکیان وە هەموو ئەوانەی کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم توندوتیژیانە.

**ب. چوارچێوە**

8. لە مانگی ئابی 2014 دا داعش هاتەناو باکوری عیراقەوە. لەم کاتەوە یونامی و کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ شەش ڕاپۆرتیان دەرکردووە[2] دەربارەی پاراستنی خەڵکی سڤیل پەیوەست بەم کێشە چەکدارییەی کە لە عیراقدا لەئارا دایە، هەروەها بەدۆکۆمینت کردنی هەموو ئەو توندوتیژی و پێشێلکاریانەی کە لەدژی پیاوان و ئافرەتان و منداڵان ئەنجام دراون لە پێکهاتە ئیتنی و ئایینیە جیاکاندا، لە نێویشیاندا کریستیانەکان و کوردانی فەیلی و کاکەیی و سابیئەو شەبەك و شیعەی عەرەب و تورکمانەکان. ئەم پێکهاتانە بەشێوەیەکی سیستەماتیك کراونەتە ئامانجی چەوساندنەوە لەلایەن داعشەوە وەك بەشێك لەم سیاسەتە پەیڕەو کراوەی کە مەبەست لێی سەرکوت کردن و دەرکردنی بە یەکجارەکی یان تێکدانی زۆربەی ئەم پێکهاتانە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی داعش[3]. یونامی / کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ چەندین جار ئاماژەیان بەوە کردوە کە ئەم تاوانانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون لەوانەیە بگەن بە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی وە لەوانەشە جینۆساید[4]. کە ئەمەش دەبێت لە دادگایەکی سەربەخۆی تایبە تمەندا یەکلا بکرێتەوە.

9. داعش بەشێوەیەکی تایبەت پێکهاتەی ئێزیدی کردۆتە ئامانج وە هەولیشی داوە کە ئەم پێکهاتەیە بە تەواوی یان بەش بەش تێکبدات[5]. تاوەکو مانگی ئابی 2016 سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە لەنێوان 2000 بۆ 5500 کەسی ئێزیدی لە 3

---

[2] ڕاپۆرتەکان لە 5ی حوزەیران تا 5ی تەموزی 2016، 6ی تەموز تا 10 ئەیلول، 11 ئەیلول تا 10 کانونی یەکەم 2014، 11 کانونی یەکەم 2014 تا 30 نیسانی 2015 ، 1 ی ئایار تا 31 ی تشرینی یەکەمی 2015، وە 1ی تشرینی دووەمی 2015 تا 30 ئەیلولی 2016 لەم ئەم لینکەدا دەدۆزرێنەوە. www.ohchr.org/EN/Countries/MENARegion/Pages/UNAMIHRReports.aspx

[3] یونامی/ کۆمیسیۆن بەردەوام دەبن لە دۆکۆمێنتکردنی هەموو پێشێلکاری و توندوتیژیەکان کە لە دژی ئەم پێکهاتانەدا ئەنجام دراون وە ئەنجامەکانیشی لە ڕاپۆرتەکانی داهاتوودا بلاّو دەکاتەوە.

[4] هاوکات لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی کە یونامی/ نێردە پێی گەیشتوون هەروەها نێردەی دەرخستنی ڕاستییەکانی سەر بە کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ( ڕاپۆرتی ژ. A/HRC/28/18 of March 2015 ) . لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بە توندوتیژی سێکسی لەکاتی کێشەکاندا لە ئابی 2014 نیگەرانی خۆی دەرخست لەسەر ئەم هەموو ڕاپۆرتانەی دەربارەی بەردەوامی کارە توندوتیژیەکانی وەکو توندوتیژی سیکس دژی ژنان و کچان و کوڕانی هەرزەکاری سەر بە پێکهاتە کەمینە ئیتنییەکان، هەروەها ووتیشی کە ئەم کارە قێزەوەنانە دەگەن بە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی سەیری ئەم لینکە بکە http://www.un.org/sexualviolenceinconflict/press-release/iraq-un-officials-call-for-immediate-end-to-sexual-violence-against-iraqi-minorities . لە ڕاپۆرتی ساڵانەی سکرتێری گشتی دەربارەی توندوتیژی سێکسی لە کاتی کێشەکاندا هاتووە کە توندوتیژی سێکسی لەدژی کەمایەتییە عیراقییەکاندا بەکار هاتووە، سەیری دووا ڕاپۆرتی سکرتێی گشتی بکە دەربارەی توندوتیژی سێکسی لە کاتی کێشەکاندا لە 22 ی حوزەیرانی 2016دا ( S/2016/361/Rev.1, ) بڕطةي 40–41 کە لەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە .http://www.un.org/ga/search/view_doc.asp?symbol=S/2016/361/Rev.1. وە ئایا ئەم تاوانانەی داعش بە تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێن ڕاستی و بەیاسابوونی ئەم پرسە دەبێت لە دادگایەکی بێلایەنی تایبە تمەندا بڕیاری لەسەر بدرێت.

[5] ئاماژە بە ئێزیدیەکان ( کە لەلایەن داعشەوە بە بێباوەڕ سەیر دەکرێن . داعش زۆر بەڕوونی هەوڵی داوە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان تێکبدات و ئاینیان پێ بگۆڕێت جا چی لە ڕێگەی بەئامانجکردنیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێی بلاّوکراوەکانیانەوە. هەروەها ئەمە لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤدا بە تێروتەسەلی باسی لێوە کراوە ڕاپۆرتی " بانگەوازێك بۆ لێپرسینەوەو پاراستنی : ڕزگاربووانی ئێزیدی لە تاوانە قێزەوەنەکانی داعش کە لەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە

ی ئابی 2014 ەوە کوژراون.[6] وە بە پێی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەنێوان 3ی ئابی 2014 ەوە تا 2 ی تەموزی 2017 ( 6417 ) ئێزیدی لەلایەن ئەندامانی داعشەوە ڕفێنراون کە ( 3547 ) یان ئافرەتن و 2870 شیان پیاون). بە پێی ڕاپۆرتەکانیش تاوەکو سەرەتای مانگی تەموزی 2017، 3048 ئێزیدی توانیویانە لەدەستی داعش ڕابکەن کە ( 1092 ئافرەت و 334 پیاو و 819 کچ و 803 کوڕ بوونە ) لە هەمانکاتدا نزیکەی 3369 کەسی تر تاکو ئێستا لەژێر چنگی داعش ماونەتەوە کە 1636 ژن وکچن وە 1733 پیاوو کوڕن.[7]

10. ئەو ژن و کچانەی کە لەژێر کۆنترۆلی داعشدا ماونەتەوە بەتایبەتیش ئافرەتەکانی سەر بە پێکهاتەی ئێزیدی و کەمینەکانی تر بەشێوەیەکی تایبەت بوونەتە ئامانجی پێشێلکارییەکانی یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی چەندین پێشێلکاری تری وەکو: ئاوارەبونی بەزۆرەملێ و ڕفاندن و بێبەشکردن لە ئازادییەکان و بەکۆیلەکردن[8] و مامەڵەی نامرۆیی و سوکایەتی پێکردن و ئاین پێگۆڕینی بەزۆرەملێ و لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی پێشێلکاری و شتی دیکەش. وەك دەرەنجامێکیش لە بەئامانجکردنی خەڵکانی مەدەنی لەلایەن داعشەوە لە کوشتنی بەکۆمەڵ، زۆربەی کچ و ژنە ڕزگاربوەکانی ئەم کارەساتانە بێبەش دەبن لە هاوکاری مادی و ساکۆلۆژی بۆ خانەوادەکانیان وە زۆر ئاستەنگی ژیانیان دێتە بێش. هەروەها لەوانەش ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری لاقەکرن و بەکۆیلەکردنی سێکسی بوونەتەوە لەلایەن داعشەوە وە ئەو مندالانەی کە لە ئەنجامی ئەم پێشێلکارییانەدا پەیدا دەبن دووچاری لەکەدارکردن و شەرمەزاری ببنەوە لەلایەن کۆمەڵگاکانیانەوە کاتێك کە دەگەڕێنەوە. جگە لەم توندوتیژیانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون، پێویستە ئەمە بەهەند وەربگیرێ کە دەربەدەربوونی ئەم خەڵکە سڤیلە بۆتە هۆکاری بەرزبونەوەی ڕێژەی ئەو توندوتیژییە خێزانییەی کە لە پێش کێشە چەکدارییەکانیشدا لە عیراقدا بوونی هەبووە و بۆتە هۆکاری بەرزبونەوەی مەترسیی توندوتیژی سێکسی.[9]

11. زیادلەوەش چەندین ڕاپۆرتی دیکە هەن دەربارەی ئەوەی کە خەڵکی سڤیل دووچاری مامەڵەی خراپ بونەتەوە لەسەر دەستی ئەو گروپە چەکدارییانەی کە دژ بە داعش دەجەنگن، ئەم ڕاپۆرتانەش ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە وا باوەڕ دەکرێت کە هاوکاری

---

http://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMIReport12Aug2016_en.pdf . هەروەها سەیری ڕاپۆرتی " هاتن بۆ تێکدا" بکە : تاوانەکانی داعش دژی ئێزیدیەکان (A/HRC/32/CRP.2) لەم لینکەدا
http://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/A_HRC_32_CRP.2_en.pdf

6 ڕاپۆرتی " بانگەوازێك بۆ لێپرسینەوەو پاراستنی: ڕزگاربووانی ئێزیدی لە تاوانە قێزەوەنەکانی داعش لاپەڕە 7

7 ئامارەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، نوسینگەی کاروباری ئێزیدیەکان 10 نیسانی 2017

8 داعش خۆی تاکیدی کردۆتەوە لەوەی کە بەکۆیلەکردنی سێکسی دیلە ئافرەتەکان قەبوڵکراوە وە داعش بە "کۆیلە" یان " دەسکەوتی جەنگ" لەزۆربەی بەیاننامە فەرمیەکانیاندا ناویان دەبات بە بەکارهێنانی زاراەی " ما ملك ايمانكم" واتە ئەوەی کە بەدەستی ڕاستت وەدەستی دێنی. بۆ نمونەش سەیری ژمارە 4ی گۆڤاری دابق بکە 1435: " پەلاماری سەرنەکەوتووی خاچپەرستەکان" لاپەڕە 14 کە لەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە http://media.clarionproject.org/files/islamic-state/islamic-state-isis-magazineIssue-4-the-failedcrusade.pdf. زیاد لەمەش داعش لە مانگسی تشریی یەکەمی 2014 دا نامیلکەیەکی بە ناونیشانی " پرسیارو وەڵامی تایبەت بە بردنی دیلو کۆیلەکان. ئەم دۆکۆمێنتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەنجامدانی کاری سێکسی ڕێگە پێدراوە لەگەل ئەم کچانەی کە نەگەیشتونەتە تەمەنی یاسایی, هەروەها کۆیلەش بە موڵکی خاوەنەکەی دادەنرێت وە لەدووای مردنی خاوەیش ئەوا کۆیلە وەك بەشێك موڵکوماڵەکەی دابەش دەکرێت. ئەم دۆکۆمێنتەش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی لەسەر ئەم وێبسایدەش دا دەیدۆزیتەوە:
https://www.hrw.org/news/2015/09/05/slavery-isis-rules

9 هیچ ئامارێکی ئەوتۆ نییە لەسەر توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەر لە کاتی کێشەکاندا لە عیراق، تەنها لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت کە حکومەت دەستپێشخەری هەبووە لە هاندانی ئافرەتان کە بێنە پێشەوەو ڕووداوەکانی توندوتیژی کە بەسەریاندا دێت بیگەیەنن بۆ ئەوەی هاوکاریان پێشکەش بکەن و پارێزراو بن.

داعشیان کردووە یان سەر بە داعش بوونە دووچاری هێرشی تۆڵەسەندن و قەرەبوو دەبنەوەو هەندێك جاریش سزا دەدرێن. ئەوەی جێگەی نیگەرانیە کارەکانی تۆلەسەندنەوەو هەندێ کەیسی سزادانی بە کۆمەڵ لەدژی ئەندامانی خێزانی ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بە هاوکاریکردنی داعش ئەنجام دراوە، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ نیە لەسەر ئەوەی کە ئەندامانی خێزانی ئەم کەسانە هیچ کارێکی نایاساییان ئەنجام دابێت. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو ئافرەتان و منداڵان دووچاری مەترسی جیاکاری و پەراوێز خستن و ئازاری جەستەیی دەکاتەوە.

12. لە تشرینی یەکەمی 2016 دا هێزە عیراقیەکان و هێزە کوردییەکان و میلیشیاکانی سەر بە ئەوان دەستیان کرد بە هێرشێکی بەرفراوان بۆ ئازادکردنی موسل کە دووا گەورەترین شارە کە لەژێر کۆنترۆلی داعش مابۆوە لە عیراقدا. ئەوەبوو لە 24 ی کانونی دووەمی 2017 دا هێزە عیراقیەکان ڕایانگەیاند کە بەشی ڕۆژهەلاتی شاری موسل بەتەواوی لەژێر دەستی داعش ئازاد کرا، وە شەڕەکەش دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە، ئەوەبوو ئۆپەراسیۆنی ئازادکرنەوەی بەشی ڕۆژئاوای موسل لە 17 ی شوباتی 2017 دا دەستی پێکرد. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیش وای دەخەمڵێنی کە لە ماوەی نێوان 17تشرینی یەکەمی 2016 ەوە تا 3ی ئابی 2017، 837.900 کە ( 139150 خێزان) کە هەندێکیان ئافرەت و منداڵن ئاوارە بوونە لە شوێنەکانی کێشەکاندا. [10]

13. لەسەر ئەم بنەمایەش وە لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژی داعش، لە ئێستادا زۆر پێویستە کە هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی هەزاران لەم ژن و منداڵ کە دووچاری لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن و دووبارە شیاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگاو قەرەبوو کردنەوەیان، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە هەنگاوی ئەوتۆ بنرێت بۆ بەشداری پێکردنی کچان و ژنان لە کۆتایی هێنان بەم کێشەیەو بونیادنانی ئاشتی لە داهاتوودا هەروەها پاڵپشتی لە بەشدارپێکردنی تەواوو بێ جیاکاری لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری و گشتی لە دووای داعشدا.

### ت. چوارچێوەی یاسایی

#### یاسای نێودەوڵەتی

14. ئەوەی کە پەیوەست بێت بە سیستەمی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە، بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ( 1325 ) (2000) تایبەت بە ئافرەت و ئاشتی چوارچێوەیەکی پێوەری پێشکەش دەکات. هەروەها چەندین بڕیاری تری ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارەکانی (2008) 1820و 1888 (2009) و 1889 (2009) و 1960 (2010) و 2106 (2013) و 2122 (2013) باس لە بابەتەکانی وەکە توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان و پێداویستیەکانی کچان و ژنان دەکات لە دۆخی دووای ململانێکان وە هەروەها ئەم ڕۆلە گرنگەی کە ئەوان دەتوانن بیبینن لە پاراستنی ئاسایش و بونیادنانی ئاشتی لە دووای کۆتا هاتنی ململانێکاندا.

15. لەم دووایيانەشدا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری 2331 (2106) لەخۆ گرتوە کە تایبەتە بە بازرگانیپێکردن و توندوتیژی سێکسی وە بەتایبەتیش ئاماژە بەم تاوانانە دراوە کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون. بڕیاری 2331 داوای زیادکردنی لێپرسینەوەو دەرفەت دەکات بۆ قوربانییەکان بۆ گەیشتن بە هاوکاری و خزمەتگوزاری، لەنێویشیدا بەرنامەی قەرەبوو کردنەوە.

---

[10] ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی بەردەوام ئامارەکانی لەسەر ئەم وێبسایدەدا نوێ دەکاتەوە
http://iraqdtm.iom.int/EmergencyTracking.aspx وە دووا دەرکردەشی لە 10 ی نیسانی 2017 دا بووە.

هەروەها داوای کاری زیاتر دەکات لەلایەن وولآتان و قەوارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەنێویشیدا گۆڕینەوەی زانیاری و هاوئاهەنگی دادوەری بۆ ڕێگەگرتن و سزادانی ئەم جۆرە تاوانانە.

16. عیراق ئەندامە لە هەشت ڕێکەوتننامەی بنەڕەتیی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤدا: پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە ساڵی (1971) وە; (ڕێکەوتننامەی (سیداو) لە ساڵی (1986) ; ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ لە 1994 ەوە لەگەڵ پرۆتۆکلی ئیختیاری تایبەت بە بەشداریپێکردنی منداڵ لە ململانێی چەکداریدا لە ساڵی 2008 ەوە; ڕێکەوتننامەی وونکردنی بەزۆرەملێ لە 2010 ەوە ; هەروەها ڕێکەوتننامە بەرەنگاربونەوەی ئەشکە نجەدان لە 2011 ەوە.

17. عیراق تاکو ئێستا ئەندام نییە لە ڕێکەوتننامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، وە ئەم تاوانانەی کە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە پێناسەیان بۆ کراوە لە یاسا نێوخۆییەکاندا بەتاوان هەژمار ناکرێن. عیراق هەروەها ڕازیش نەبووە بە دەسەلآتی دادوەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بە دۆخی ئێستای بەپێی برگەی (3) لە مادەی (12) لە ڕێکەوتننامەی ڕۆما.

18. ئەم کێشە چەکدارییەی کە لەنێوان داعش و هێزە چەکدارەکانی سەر بەو لەلایەك و هێزە ئەمنییە حکومییەکان و هێزەکانی سەر بەئەوان لەلایەکی ترەوە کێشەیەکی چەکداریی نا نێودەوڵەتی بەرپا کردووە. بەم پێیەش پێویستە لەسەر لایەنەکانی ململانێ کە پابەند بن بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش مادەی (3) ی هاوبەش لە ڕێکەوتننامەی جنێڤ و ڕێساکانی یاسای عورفی نێودەوڵتی کە لەسەر ململانێ چەکدارییە نا نێودەوڵەتییەکاندا جێبەجی دەکرێت، وە داواش لە لایەنەکان دەکات کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرش نەکەنە سەر خەڵکی سڤیل و ڕێزگرتنی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، وەکو قەدەغەکردنی هێرشی هەڕەمەکی و بابەندبوون بە پێوەری هاوسەنگی لە کاتی هێرشەکاندا، هەروەها پابەندبوون بە گرتنەبەری هەموو پێوەرێکی گونجاو لە پلانە سەربازییەکان و جێبەجێکردنیان بۆ ئەوەی دوور کەوینەوە لە هەر بەرکەوتنێك لە نێوان خەڵکی سڤیلدا. هەروەها پێویستە لەسەر لایەنەکان کە پارێزگاری لە ئافرەت و منداڵآن بکەن بە شێوەیەکی تایبەت.

19. جگە لەم ململانێ چەکدارییەی کە لە ئێستادا لە ئارادایە وە جێبەجێکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، عیراق دەبێت پابەند بێت بە پابەندییەکانی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ.

20. یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەری هەموو زەمانەتێکی کردووە لەدژی توندوتیژی سێکسی، لە نێویشدا پاراستن لە توندوتیژی سێکسی بە ناساندنی بە ئەشکە نجەدان و مامەڵەی نەشیاو وەك دەرە نجامێکە لە جیاکاری لەسەر بنەمای جۆری ڕەگەز. هەروەها ئەم پێوەرانەش هەموو جۆرەکانی توندوتیژی سێکسی وا دەناسێنن کە پێشێلکارییە لە مافەکانی مرۆڤدا، وە پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت لە لایەن وولآتانەوە بۆ قەدەغەکردنی ئەم کارانەی کە لەلایەن قەوارەکانی سەر بە دەوڵەتەوە یان ئەوانی تردا ئە نجام دەدرێن [11] هەروەها لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت و ئە نجامدەرانیش دادگایی بکرێن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا دەکرێ بە تاوانی جەنگ یان تاوان لەدژی مرۆڤایەتی یان جینۆساید یان پێشێلکارییەکی گەورە لە مافەکانی مرۆڤدا هەژمار بکرێت.[12]

---

[11] بۆ نمونە سەیری ;CCPR/C/119/D/2245/2013, CAT/C/37/D/262/2005 (2007); CAT/C/37/D/279/2005 (2007) and CEDAW, وە کۆمێنتی گشتی ژمارە 35 (تەموزی 2018) دەربارەی توندوتیژی پەیوەست بە جێندەر لەدژی ئافرەت, هەروەها کۆمێنتی گشتی ژمارە 19 ی سیداو وە کۆمێنتی گشتی ژمارە 30 (2013) دەربارەی ئافرەت لە بەرەنگاربوونەوەی ململانێکاندا لە پێش وە لەدووای ململانێکان

[12] سەیری مادەکانی 6 و 7 و 8 بکە لە ڕێکەوتننامەی ڕۆما بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

21. زاراوەی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان، لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژماری 1960 ( 2010 ) دا هاتووە بۆ " جۆرەکانی توندوتیژی سێکسی، واتە لاقەکردن و کۆیلەی سێکسی و لەشفرۆشی بەزۆرەملێ و سکپڕبوونی بەزۆرەملێ و عوقمی بەزۆرەملێ و هەر جۆرێکی تری توندوتیژی سێکسی کە مەترسی هەبێت بۆ سەر ژنان و پیاوان و کوڕان و کچاندا کە لەکاتی یان لەدووای ململانێکاندا ڕوودەدەن وە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەیە بە خودی ململانێکان، هەروەها ئەم زاراوەیە بازرگانی بە مرۆڤیش دەگرێتەوە کە لە کاتی ململانێکاندا ڕوودەدەن بەمەبەستی توندوتیژی / فۆرخکردنی سیکسی[13].

## یاساکانی نیشتیمانی و هەرێمی

22. لە دەستوری ساڵی 2005 ی عیراقدا مافە بنەڕەتییەکانی ئافرەت پێشکەش کراوە, لەنێویشیاندا یەکسانی لەبەردەم یاسا ( مادەی 14 ) ; مامەڵەکردنی داد پەروەرانە لەبەردەم دادگاکاندا مادەی 19 ( 6 ) ; بەشداریکردن لە کاروبارە گشتییەکاندا ( مادەی 20 )؛ کارکردن ( مادەی 22 )؛ پارێزگاریکردن لە خێزان وە لە ئەستۆگرتنی دایکایەتی و منداڵ و پیر و قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵ و توندوتیژی خێزانی مادەی ( 29 ). هەروەها لە دەستوردا " ئاسایشی تەندروستی و کۆمەڵایەتی" بۆ هەموو عیراقییەك دەستەبەر کراوە "بەتایبەتیش بۆ ئافرەت و منداڵ" لەگەڵ پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ خۆشگوزەرانی و نیشتەجێبوون و داهات ( مادەی 30 )، هەروەها چاودێری تەندروستی ( مادەی 31 ) وە چاودێری کەمئەندامان ( مادەی 32 ) وە پەروەردە مادەی ( 34 ).

23. ئەوەی پەیوەست بێت بە چەند یاسایەکی دیاریکراو، تێبینی ئەوە دەکرێت کە یاسای پاراستنی خێزان بە شێوەیەکی بابەتی یەکناگرێتەوە لەگەڵ پابەندییەکانی عیراق بە پێی یاسای نێودەوڵەتی وە هەروەها بە هەڵپەسێردراویش لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا ماوەتەوە. هەروەها تاکو ئێستاش پرۆژەی سیاسەتی داڵدەدانی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی لەژێر پیداچونەوەدایە. هەروەها یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969 تاکو ئێستا ڕێگە دەدات بە تاوانی " شەرەف" وەك بەرگرییەکی یاسایی لەم تاوانانەی کە توندوتیژی لە دژی ئافرەت و ئەندامانی خێزانی تێدایە، لەگەڵ ئەوەی ساڵانە بە سەدان ئافرەت بە پاساوی ئەوەی کە پێی دەوترێت شەرەف دەکوژرێن. زیادلەوەش، ڕێگەدەدات بە ئەنجامدەران بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانییەکانی لاقەکردن بەمەبەستی دامرکاندنەوەی کەیسێکی تاوان. یاسای ( اسول محاکمات جەزائی ) عیراقیش ژمارە 23 ی سالی 1971 هەروەها داوا دەکات کە لێکۆڵینەوەو بەدوواداچونی تاوان ئەنجام بدرێت لە ژمارەیەك لە تاوان بەوەی کە بریتین لە یەکێك لە مافە کەسییەکانی قوربانییەکە. وە دەکرێ بووتری بە پێی مادەی ( 3 ) لە ( یاسای اسول محاکمات جەزائی عیراقیدا ) کە ئەمە لاقەکردن دەگرێتەوە، وە کۆمەڵگا داخراوەکانی وەکو عیراق لەوانەیە ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە زۆر ئارەزووی ئەوە نەکەن ئەم ڕێکارە یاساییانە بگرنەبەر.

24. لە مانگی ئەیلولی 2016 دا نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕێی نوسینگەی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێکاندا لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان مۆرکرد دەربارەی قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان. لەبەیاننامەکەدا دەرفەتێك خراوەتەڕوو بۆ هەماهەنگییەکی گونجاو لەنێوان نەتەوە یەکگرتوەکان و عیراق دەربارەی شەش خاڵی گرنگ: ( أ ) پاڵپشتی لە سیاسەتی چاکسازییە یاساییەکان بۆ برەودان بە پاراستن لە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی وە بەدەنگەوەهاتنی لە بواری خزمەتگوزارییەکاندان لەگەڵ زەمینە خۆشکردن بۆ

[13] بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی سێکسی" چوارچێوەی شیکارو تێگەیشتن بۆ توندوتیژی پەیوەست بە ململانێکان" حوزەیرانی 2011 لا پەڕە 24

گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان; ( ب ) دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە لەسەر تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی; ( ج ) دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و رزگاربوان و ئەو منداڵانەی کە لەدەرەنجامی لاقەکردنەوە لەدایك بوونە; ( د ) بەشدارپێکردنی سەرکردە ئاینی و قەبەلییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و لەگەڵ ژنانی داکۆکی کەر لە مافی مرۆڤ لە بواری بەرەنگاربونەوەی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی و ئاسانکاری بۆ گەڕاندنەوەی ئافرەتە ئاوارەکان و دووبارە شیاندنەوەیان; ( ه ) دەستەبەرکردنی ڕەنگدانەوەی تێبینییەکانی پەیوەست بە توندوتیژی سێکسی بەشێوەیەکی تۆکمە لە کارەکانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عیراقی، لەنێویشیدا برەودان بە ڕۆڵی ئافرەت لە هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ; وە ( و ) بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی قووڵ بۆ توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە کێشەکانن ئەمەش بە کارکردن لەگەڵ میدیاکان و کەمپینەکانی هۆشیاری گشتی. هەروەها لەچوارچێوەی ئەم بەیانامە هاوبەشەدا حکومەتی عیراق داوای هاوکاری لە تیمی شارەزایانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە سەروەری یاسا/ توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێکاندا کردووە بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی و سزادانی تاوانباران.

25. هەریەك لە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو کەسی ئاست بەرزیان بۆ هاوئاهەنگی دەستنیشان کردووە بۆ توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان بەمەبەستی هاوکاریکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دانانی پلانێك بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامە هاوبەشەکە بە داواکردن لە دەسەڵاتە نیشتمانییە پەیوەستەکان، لە نێویشیاندا دەزگا ئەمنیەکان و دەسەڵاتە دادوەری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکان و تەندروستی و ئەوانی تر. ئەم دوو کەسە دەسنیشان کراوەش لەلایەن سەرۆك وەزیران عەبادی و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی تەواو دەکرێن، وە بەشێوەیەکی ستراتیژی شوێنەکانیان لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی باڵای خانمان دەبێت لە هەولێر و بەغدادا. هەروەها یونامیش ڕاوێژکارێکی دەستنیشان کردووە بۆ بابەتی پاراستنی ئافرەت وە بە هاوکاری دارایی لەلایەن تۆڕی هاوبەشی "ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێکاندا" بەمەبەستی هاوکاری کردنی حکومەت و نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەر بابەتی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان. لەلایەکی تریشەوە، لە مانگی تەموزی 2017 دا یونامی و نوسینگەی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی تایبەت بە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێکاندا هەڵساون بە ڕێکخستنی دوو وۆرکشۆپ لە هەریەك لە بەغداو هەولێر بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر جێبەجێکردنی بەیاننامەکە لەگەڵ لایەنە حکومییەکانی پەیوەست.

26. لەم دوایانەشدا لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا پێشنیاری یاخود لەخۆگرتنی چەندین یاساو هەموارکردنەوە کراوە بۆ یاسا عیراقییەکان بە مەبەستی برەودان بە ئەحکامە هەرێمییەکان پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ وە ئەوانەی کە لەم دوایانەدا کەوتونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەمانەش یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە 5ی 2015 ( کە مافەکانی کەمینە ئاینی و ئیتنییەکان دەگرێتەوە ) ; هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای بازرگانی کردن بە مرۆڤ لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عیراق ; وە ئیلغاکردنەوەی مادەی 409 لە یاسای سزادان کە بریتییە لە کەمکردنەوەی سزای کوشتنی مێینە و ئەندامانی تری خێزان لە سەر بنەمای " شەرەف" لەلایەن کەسوکارە نێرینەکانیانەوە. ئەم یاساو هەموارکردنە پێشنیارکراوانەش بەشێك لەم زنجیرە هەوڵانە پێکدێنێت کە لەم ساڵانەی دووییدا دراون بۆ پێشخستنی سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەستن بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ لە هەموو

جۆرەکانی توندوتیژی. جگە لەم هەموو هەنگاوە پۆزەتیڤانەش زۆربەی جار یاساکان بە تەواوی پاڵپشتی لە میکانیزمی جێبەجێکردنیان ناکرێت، هەروەها بارودۆخی ئابوریش بۆتە بەربەستێکی تر لەبەردەم جێبەجێکردنیاندا. سەرڕای ئەوەش، پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە کێشە سیاسییەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا لەوانەیە پرۆسەی تەشریعات لە کوردستاندا بۆ کاتێکی نادیار دووا بخات.

### میکانیزمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

27. حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین دەزگای جیاوازو تایبەتی دامەزراندوە بۆ برەودان بە ڕێزگرتنی مافەکانی ئافرەت و پاراستنی لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم ئافرەتانەی کە دووچاری پێشێلکارییەکان بوونەتەوە لەسەر دەستی داعشدا. ئەم دامەزراوانەش بریتین لە وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفال کە لێژنەیەکی باڵای پێکهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی تاوانەکانی جینۆساید لەدژی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ئەم لێژنەیەش هەموو سکاڵاکان لە قوربانیان وەردەگرێت و لە داتا بەیسێك کۆیاندەکاتەوە لەگەڵ پێشکەشکردنی هاوکاری دەرونی بۆ قوربانییەکان. ئەمەو نوسینگەکانی تریش بریتین لە وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆو کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەتایبەتیش نوسینگەی کاروباری ئێزیدیەکان.

پ. هەڵوێستە خێڵەکی و ئاینیەکان بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە.

28. لە مانگی ئازاری 2016 دا نوینەرانی عەشایەرەکان لە نەینەوا گەیشتن بە "ڕێکەوتنێکی عەشایەری" کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دانی پێدانرا، مەبەستیش لەم ڕێکەوتنە بریتییە لە جێبەجێکردنی میکانیزم و عادەتی خێڵەکی. ئەم ڕێکەوتننامەیە هەروەها بریتییە لە حوکمی دەرکردنی بەزۆرەملێی ئەو خێزانانەی کە لەگەڵ داعشدا بوونەو پێدانی موڵکوماڵیشیان وەکو قەرەبوو بە قوربانییەکان. هەروەها لە دانیشتنێکیاندا لەگەڵ یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤدا نوێنەرانی عەشایەرەکان ووتیان دەستبەسەراگرتنی موڵکوماڵ لەوانەیە هاوکاربێت بۆ کەمکردنەوەی جۆرەکانی تری تۆڵەسەندنەوە لەدژی ئەم خێزانانەی کە هاوکاری داعشیان کردووە وە دووبارە دابەشکردنەوەی مولکوماڵ دەبێتە " چارەسەرێکی دەرونی" بۆ قوربانییەکان و ئاسانکاریش بۆ دووبارە گەڕانەوەی ئاوارەکان لە نەینەوا. هەروەها یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەوەیان خستەڕوو کە دەرکردنی بەزۆرەملێی خانەوادەی ئەو کەسانەی کە گومانیان لێدەکری تاوانی ترسناکیان ئەنجام دابێت بریتیە لە سزادانی بەکۆمەڵ کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ یاساکانی عیراقی و یاسای نێودەوڵەتیدا ناگونجێت. هەروەها لە ڕێکەوتنەکەشدا هاتووە کە پێویستە سزای لەسێدارەدان بۆ " تاوانە ترسناکەکان" جێبەجێ بکرێت وە تاوانەکانی کە لەدژی ئافرەتدا ئەنجام دراون هیچ لێبوردنێك نەیانگرێتەوە. هەروەها ئەم ڕێکەوتنە خێڵەکییە داوای بەندکردن بۆ تاوانەکانی تری کە کەمتر ترسناکن دەکات وەکو هاوکاری مادی و کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ چالاکییەکانی داعش، هەروەها بۆ ئەوانەی کە شوێنەوارە فەرهەنگی و ئاینییەکانیان تێکداوە. لە کۆتاییشدا لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە کە ئاشتەوایی لە نەینەوا پێویستە بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان لە نەینەوا ئەنجام بدرێت.

29. لەمانگی شوباتی 2017 دا گروپێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی عیراقی " دۆکۆمێنتێکی عەشایەرە عیراقیەکانیان دەرکرد لە پێناو ئاشتی تایەفەگەری"[14] لە چەند برگەیەکی ئەم دۆکۆمێنتەدا باس لە ئاشتەوایی لەدووای داعش و " چارەسەر بۆ ئەم

---

[14] عەشایەرە عیراقییەکان دۆکۆمێنتی ئاشتی، پەرەگرافی 18

چەوساندنەوە کۆمەڵایەتییەی کە بەسەر ژنانی لاقەکراودا سەپێنراوە" . "هەروەها ئەم دۆکۆمێنتە ئەم ژنانەی کە دووچاری لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە وەك قوربانی هەژمار دەکات" وە پێویستە لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکان و کۆمەڵگاوە هاوکاری بکرێن ( هاوکاری مەعنەوی و دەرونی ) لەبەر ئەوەی ئیرادەیان لێ دزراوە.

30. هەروەها لە مانگی شوباتی 2017 شدا دیوانی عیراقی بۆ وەقفی سونی، لیژنەی باڵای فەتوا بڕیارێکیان دەرکرد لەژێر ناونیشانی " هەڵویستی ئیسلام بەرامبەر ئەم ئافرەتانەی کە لاقە کراون"[15] کە چەندین دەقی ئاینی پێشکەش کردووە دەربارەی رۆڵی پیاو ( یان ئەوانەی کە لاقەکردنیان ئەنجام داوە وە ئەم ئافرەتانەی کە لاقەکراون و پەیوەندی کۆمەڵگا بە هەردوکیانەوە. هەروەها دەربارەی ئەو پیاوانەی کە لاقەکردنیان ئەنجامداوە وە باوەڕیان بەوەیە کە " لەلایەنی ئاینەوە ڕێگە پێدراوە" ئەوا پێویستە بە گوێرەی قورئان سزایان بەسەردا بسەپێنرێت. بۆیە هەر کەسێك کە لاقەکردن ئەنجام بدات و باوەڕیشی وا بێت کە ئەمە لە لایەنی ئاینیەوە ڕێگەپێدراوە پێویستە ئەم کەسە بە " بێباوەڕ و هەڵگەڕاوە هەژمار بکرێت و کوشتنیشی حەلال بکرێت". بەڵام تاییەت بەم ئافرەتەی کە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان لاقە کراوە ئەوا حوکمەکە بریتییە لەوەی کە ئەم ئافرەتە بەهیچ شێوەیەك بە "گوناحبار" هەژمار ناکرێت وە بگرە دەبێت هاوسۆزبین لەگەڵیدا. لە کۆتاییدا لە حوکمەکەدا هەتووە کە پێویستە لەسەر هەریەك لە کۆمەڵگاو خێزانی قوربانییەکا 1 ) پارێزگاریان لێبکەن و هەنگاوی ئەوتۆ بنێن بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان وە چاودێریشیان بکەن لەڕووی تەندروستی و دەرونیەوە، 2) سەرکۆنە نەکردنی قوربانییەکان بە بەردەوامی ، 3 ) قەدەغەکردنی سەرکۆنەو ناوزڕاندنی قوربانییەکان و بنەماڵەکانیان.

## ج. کێشەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ

### ئەو ژن و کچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان

31. یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ چەندین ڕاوێژی لەگەڵ سەرکردەکانی نێو کۆمەڵگادا ئەنجام داوە بۆ تێگەیشتن لە بەرامبەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەت و کچانەی کە شوویان بە چەکدارانی داعش کردووە. بەڕای ئەوان، کاتێك ئافرەتێك ڕازی دەبێت هاوسەرگیری بکات ئەوا پێویستە بۆندی هاوسەرگیریەکە لە دادگایەکی فیدرالیدا تاکید بکرێتەوە. بۆیە ئەگەر دانیش بە داعش دانەنرێت وەك قەوارەیەك کە ڕازی بووە لەسەر بۆندی هاوسەرگیریەکە، بەڵام پێویستە دان بە هاوسەرگیریەکە دابنرێت لەنێوان دوو کەسی گەورەو پێگەیشتوو وە بە ئامادەبوونی شاهێدەکان بەپێی یاسای عیراقی. لەکاتێك دا کە بابەتی ئەم تاکیدکردنەوەیە ببێتە جێی باس جا چی لەلایەنی یاساوە بێت یان شەریعە، زانایانی ئاینی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەگەر ئەم کارە سەر نەگرێت ئەوا ئەم کەیسانە لەوانەیە ببن بە کەیسی زینا لەدژی ئەو کەسانەی کە " هاوسەرگیریان" لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی بەناو داعشدا ئەنجام داوە ( چونکە ئەم هاوسەرگیریانە بەپێی یاسای عیراقی دانیان پێدا نانرێت تەنها ئەگەر بێتو لەلایەن دادگای مەدەنیەوە پەسەند نەکرێن ) هەروەها لەوانەشە ئەو منداڵانەی کە لە دەرەنجامی ئەم هاوسەرگیریانە هاتونەتە دونیاوە بەپێی یاسای عیراقی بە منداڵی " نا شەرعی" هەژمار بکرێن.

---

[15] ڕوانگەی ئیسلام بۆ دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ئافرەت، کۆماری عیراق، دیوانی وەقفی سونی، ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە عیراق، سەرچاوە : 1، 10 ی شوباتی 204 بەشی 4.

32. کاتێك ئافرەتێك بەبێ ویستی خۆی شوو بە یەکێك لە ئەندامانی داعش بکات، هەتا ئەگەر هاتوو بۆندی هاوسەرگیریش هەبوو وە واژۆش کرابوو، ئەم هاوسەرگیرییە بەتەواو هەژمار ناکرێت ئەگەر لەڕێگەی سەرجێیی کردنەوە نەبوبێت[16]. ئەگەر هاتوو هاوسەرگیرییەکە تەواویش کرابێت ئەوا بۆندی ئەم هاوسەرگیرییە دەتوانرێت لەلایەن دادگاکانی مەدەنی فیدرالیەوە بە پێی مادەی 16 لە یاسای باری کەسی ساڵی 1917 هەڵبوەشێنرێتەوە. لەم حاڵەتەشدا ئافرەتەکە بۆی هەیە بۆندێکی هاوسەرگیری لە دادگای باری کەسی وەرگرێتەوەو هەموو منداڵەکانیشی بەگوێرەی ئەم بۆندە تۆمار بکات و دوواتر بۆندەکە لەکەیسێکی تردا لە دادگا هەڵبوەشێنێتەوە.

## قوربانیانی توندوتیژی سێکسی لەنێویشیدا بەکۆیلەکردن و لاقەکردن

33. تایبەت بەو ژن و کچانەی کە دووچاری بەکۆیلەکردن و لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی و بازرکانی بە مرۆڤ بوونەتەوە، خەمی سەرەکیان لە ئێستادا بریتییە لە وەرگرتنی یارمەتی بزیشکی و دەرونی و کۆمەلآیەتی و مادی و جۆرەکانی تری هاوکاری پێویستە. جگە لەم پێداویستیانەش، ئەرکی عیراقە کە کار بە یاسا نێوخۆیەکان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ بکات کە پێشوتر واژووی لەسەریان کردوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافی هەموو قوربانیەکانی ئەم پێشێلکاریانە بە گەیشتن بە داد پەروەری و قەرەبوکردنەوە[17].

34. دەستەبەرکردنی ئەم پابەندییەش بریتییە لە لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە لە میانی ئەم دادگایانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی پێکدەهێنرێن وە بە ڕێزگرتنێکی تەواوی پێوەرەکانی دادایکردنی دادپەروەرانە. لەپێناو پابەندبوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم پێشێلکاریانەشدا، پێویستە لەسەر حکومەت کە زەمانەتی ئەوە بکات کە پرۆسەکانی دادگایی هەمووی بە شێوازێك بێت کە ڕەچاوی جیاوازی لەنێوان ڕەگەزەکاندا بکات بۆ ئەوەی ئازاردانی ئەم کچ و ژنانەی کە دووچاری ئەم جۆرە تاوانانە بوونەتەوە بەردەوام نەبێتن کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: (1) دانانی میکانیزمی ئاسانکاری بۆ گەیشتنی مندال و ئافرەت بە دادپەروەری، (2) ئەفسەری ئافرەت هەڵسن بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەل ئەم ژن و منداڵآنەی کە دووچاری توندوتیژی سێکسی بونەتەوە، (3) دانانی سیاسەتی گونجاو بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن و پاراستنی ژنان و منداڵآن لە تەواوی ئەم پرۆسەیەدا، (4) تەواوی پرۆسەکە لە بەرژەوەندی ژنان و منداڵآندا بێت، (5) ئەم ئافرەت و منداڵآنە باشترین هاوکاری دەرونی و کۆمەلآیەتی و پزیشکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت.

35. زامنکردنی لێپرسینەوە لەو تاکانەی کە تاوانبارن بە ئەنجامدانی یان بەشداری لە تاوانی توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەدژی ئافرەت و منداڵآن لەژێر چنگی داعشدا زۆر گرنگە. لەژێر ڕۆشنایی چەندین بەربەست لە چوارچێوە یاسایی و سیاسیەکان لە سیستمی دادپەروەری تاواندا کە تا ڕادەیەك سەرکەوتوو نەبووە لە دەستەبەرکردنی ڕێزگرتنێکی تەواو لە ئافرەت و کچان و کوڕاندا ئەوانەی کە دووچاری جۆرەها توندوتیژی سێکسی بوونەتەوەن پێویستە چەند گۆڕانکارییەکی تەشریعی و

---

[16] ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەم حاڵەتانەی کە ئافرەت بۆندی هاوسەرگیری ئیمزا دەکات بەبێ ویستی خۆی یان کەسێکی تر لەنێو خێزان لەجیاتی ئەو ئیمزای دەکات دوواتر داوای سەرجێیکردنی لێدەکرێت بۆ چەسپاندنی هاوسەرگیرییەکە.

[17] ئەمەش وەك نمونە یاسای عیراقی ژمارە 26 ی 2012 دەگرێتەوە دەربارەی بازرگانی بە مرۆڤ، هەروەها مافی یەکسانی لە پاراستن بە پێی مادەی 26 لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە دەربارەی پابەندبوونی وولآتان بە قەرەبووکردنەوە کراوە لە موزەکەرەی سکرتێری گشتی : قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان حوزەیرانی 2014 کە لەم لینکەدا دەدۆزرێتەوە http://www.ohchr.org/Documents/Press/GuidanceNoteReparationsJune-2014.pdf.

دامودەگاوەیی ئەنجام بدرێت بەمەبەستی ئاسانکاری لە گەیشتن بە داد پەروەری و چاودێریکردن و پاراستنی قوربانیان لە میانی ئەم رێکارانەدا. لەم بارەوەش پێویستە گرنگی بدرێت بە میکانیزمی دادپەروەری ناڤەرمی بۆ زامنکردنی دادپەروەری فەرمی بۆ زامنکردنی لێپرسینەوەو قەرەبووکردنەوە.

36. دەستەبەرکردنی پرەنسیپە بنەرەتیەکان و پرنسیپە رێبەرییەکانی تایبەت بە مافی دادپەروەری و قەرەبوو بۆ قوربانیانی پێشێلکارییە زەقەکانی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتین[18] کە وەك چوارچێوەیەکی پێوەر لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە لە 2005 دا بۆ ئەم مەبەستە لەخۆگیراوە. پرنسیپە رێبەرییەکان بریتییە لە چەندین بابەتی وەکو، مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیان و گەیشتن بە دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەو دەستکەوتنی زانیاری و جیاوازی نەکردن، بەتایبەتیش مافی قەرەبووکردنەوە بە شێوەی گەڕاندنەوەی ماف و دووبارە شیاندنەوەو ڕازیکردن و زامنکردنی دووبارە نەبوونەوەی ئەم تاوانانە.

37. دەربارەی ئەم ڕێکەوتننامەیە عەشایەرییەی کە لەسەرەوە باسکرا یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ نیگەرانی زۆری دەربڕیوە لە هەمبەر لایەنەکانی ڕێکەوتننامە عەشایەرییەکە کە داوای سزادانی بەکۆمەڵ دەکات ( لەدژی ئەم ئافرەتانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت هاوکاری داعش بوونە ) هەروەها دوورخستنەوە دەرکردن و سزای لەسێدارەدان. لایەنەکانی تری ڕێکەوتننامە عەشایەرییەکە کە جێگای خۆشحالیە ئەوانەن کە باس لە دووبارە شیاندنەوەی ئەو ئافرەتانە دەکەن کە دووچاری توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی بوونەتەوە لەژێر دەستی داعشدا، هەروەها رەتکردنەوەی لێبوردن لەم تاوانای کە لە دژی ئافرەت ئەنجام دراون. لەگەڵ ئەوشدا پێویستە ڕێکەوتننامەکە زۆر بە وریایەوە جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری مەینەتی زیاتر بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لەژێر کۆنترۆلی داعشدا بوون.

38. یونامی چەندین کەیسی بینیوە لەو کەیسانەی کە پارە دراوە بۆ ئازادکردنی ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن داعشەوە کرابوون بە کۆیلە، لەوانەیە بوویێت بە بارگرانیەکی قورس لەسەر شانی خانەوادەکانیان کە ئەمەش لەوانەیە زۆر جار توندوتیژی خێزانی لێبکەوێتەوە. لەوانەیە پێشکەشکردنی مەشقی کاری دەستی و هاوکارییەکی مادی کەم یارمەتی دەربێت لە کەمکردنەوەی ئازارەکانیان، هەروەها پێویستە حکومەت گرنگی زیاتریش بدات بە هەموارکردنەوەی یاساکان و دانانی سیاسەتی تر بۆ ئەم ژن و منداڵانە ( یان بەخێوکەرەکانیان ) بە داواکردنی قەرەبوو لە حکومەت، بەتایبەتیش پێدانەوەی ئەو پارەیەی کە داویانە بۆ ئازادکردنیان.

39. ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری کۆیلایەتی بوونەتەوە لەوانەیە پێویستیان بە چاودێرییەکی تایبەت هەبێت، ئەمە جگە لە چاودێری پزیشکی و دەرونی و کۆمەلایەتی بۆ دووبارە شیاندنەوەیان و گەڕاندنەویان بۆ نێو کۆمەڵگاکانیان، وەك نمونەش دووبارە پێدانەوەی ئەم دۆکۆمێنتە فەرمی و یاساییانەی کە لەوانەیە وونیان کردبێت لەگەڵ تێچووی هاتوچۆو سەفەرکردنیان.

40. پێویستە ئەم کچ و ژنانە لەلایەن خانەوادەو کۆمەڵگاو حکومەتەوە ڕێزێکی تایبەتیان لێ بگیرێت وە پارێزراو بن ئەگەر هاتوو هەر مەترسیەکیان لەسەر بێت لەلایەن خێزان و کۆمەڵگاوە وەك ئەوەی پێیدەوترێت تاوانی شەرەف، هەروەها پێویستە ئەم ئافرەت و کچانەو منداڵەکانیان دەستبەجێ پارێزراو بن جا چی بە دووبارە نیشتەجێکردنەوەو داڵدەدان بێت یان هەر شێوازێکی تری گونجاو بێت.

---

[18] A/RES/60/147, 16 December 2005, available at http://www.ohchr.org/EN/ProfessionalInterest/Pages/RemedyAndReparation.aspx

### تۆڵەسەندنەوەو ئەم کارانە کە دەگەن بە ئاستی سزای بەکۆمەڵ

41. لەوانەیە ئەو ئافرەتانەی کە شوویان بە ئەندامانی داعش کردوە جا چ بە ڕەزامەندی خۆیان بێت یان نا دووچاری جیاکاری و سزادانی بەکۆمەڵ ببنەوە لەسەر بنەمای گومانلێکردنیان بە هاوکاریکردنی داعش. بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی نێوخۆدا هاوکاری بکرێن، لە نێویشیدا هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ زامنکردنی ئەوەی کە ئەو ئافرەتانە دووچاری مامەڵەی خراپ نەبنەوە بە هاوکار بۆ داعش هەژمار نەکرێن، هەروەها مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە تۆمەتبارن بە هاوکاری داعش لەسەر بنەمای تاکە کەسی بێت وە بە پێی یاساکانی تاوان بێت. بۆیە یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ نیگەرانە دەربارەی ئەو عادەتە عەشایەریانەی کە لە سەرتاسەری عیراقدا تێبینی دەکرێت تایبەت بە دەرکردنی بەزۆرەملێی خانەوادەی ئەو کەسانەی کە گومانیان لەسەرە کە هاوکاری داعشیان کردووە. بەهەمان شێوەش، ئەوەی تایبەت بێت بە ڕێکەوتننامە عەشایەریەکەی مانگی ئازاری 2016 دا کە لەسەرەوە باسی لێوەکراوە، یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ وای دەبینن کە دەستبەسەرداگرتنی موڵکوماڵی ئەو کەسانەی کە گومانی هاوکاریکردنی داعشیان لێدەکرێت یاسایی نییەو ئەمە تەنها بە سزادانی بەکۆمەڵ هەژمار دەکرێت.

42. بەهەمان شێوە ئەوەی پەیوەستە بە ڕێکەوتننامەی عەشایەریەکەی ئازاری 2016 هەروەك لەسەرەوە باسکراوە، یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵا وای دەبینن کە ئەحکامەکانی نایاساین کە بریتین لە دەرکردنی ئەو کەسانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کە هاوکاری داعشیان کردبێت وە دابەشکردنی موڵکوماڵیان بە سزادانی بەکۆمەڵ هەژمار دەکرێت. هەروەها ڕێکەوتنی دیکەی قەبەلی تریش کراوە لەوانەش ڕێکەوتنی عەشایەرەکانی ڕۆژئاوای ئەنبار لە تەموزی 2016 دا , وە لە تشرینی دووەمی 2016 شدا ڕێکەوتنێکی هاوشێوە لە لایەن سەرۆك عاشیرەتەکانی هیت ئەنجامدراوە, هەروەها لە مانگی ئایاری 2017 شدا ڕێکەوتنی ئەلسباعی لە لایەن نوێنەرانی عەشیرەتی السبعاوی لە ناحیەی گیارەدا لە موسل ئەنجامدرا. ئەم ڕێکەوتننانە هەمووی بریتی بووە لە ئەحکامی قەبەلی و عەشایەری کە لە مێژوودا لە عیراق شێوازێکی باو بووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان دوور لە دادگاکان.19

43. ئەم ئەحکامانەش بریتین لە شیکردنەوەی شاراوە بۆ " تۆمەتەکان" و "سزاکان" لەدژی " تۆمەتبارەکان" لەوانەیە ببێتە پێشێلکاری گەورە لە مافە دەستورییەکانی هاوڵاتیان و پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەستیش بە مافەکانی مرۆڤ لە دادگایی داد پەروەرانەو یەکسانی لەبەردەم یاسادا. هەروەها هەنێك لەم ڕێکەوتننامانەدا هاتووە کە لیژنەی یاسایی لە کە لە کەسانی پسپۆڕ پێك دێت کەیسەکان وەردەگرن و چارەنوسی کەسانی " تۆمەتبار" دیاری دەکەن. ئەم لیژنانەش چەند قەوارەیەکی هاوتەریب بە میکانیزمەکانی دادوەری و نادادوەی حکومەت پێکدێنن کە بریتین لە " بڕیارەکانی" کە لەدژی تۆمەتباران دەردەچن بەبێ گەڕانەوە بۆ هەر دەستەیەکی دادوەری و یاسایی عیراقی. ئەم ڕێکەوتنە قەبەلیانەش لە دەبنە هۆی لاوازکردنی سەروەری یاسا لە قۆناغی هەستیاری دووای داعشدا ، وە لەوانەشە ببێتە سزادانی بەکۆمەڵی هەزاران کەس، وە دەشبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی رقوکینەو ڕاگرتنی هەوڵەکانی ئاشتەوایی و جێگیری.

44. لە پێشوەچوونێکی ئیجابیشدا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئازاری 2017 دا سەرۆك وەزیران عەبادی ڕایگەیاند کە خێزانەکانی ئەندامانی داعش پارێزراو دەبن, وە تەنها ئەنجامدەرانی تاوانەکان بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

---

[19] لەم ڕێکەوتنەدا بەشێوەیەکی تایبەت هاتوە کەوا ئەو خێزانانەی کە سەر بە داعش بوونە بە زۆرەملی لەشوێنەکانی خۆیان دەربکرێن بۆ شوێنی نادیار یان بۆ کەمپەکانی ئاوارەی ناوخۆ، هەوەها ڕێگریش دەبێت لە ئەندامە کاراکانی داعش و خێزانەکانیان لە گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان

## دەستەبەری تەندروستی و سکپڕبوون

45. حکومەتی عیراق وەك لایەن لە ڕێکەوتننامەی سیداو و زۆر ڕێکەوتننامەی تری نێودەوڵەتی وە بە پێی مافە تەندروستییەکانی کە لە مادەی 30 و 31 ی دەستوری عیراقدا هاتووە، ئەرکی سەر شانی حکومەتی عیراقە کە چاودێری تەندروستی بۆ ژنان و کچان دەستەبەر بکات. هەروەها وەك بەشێکیش لەم پابەندبونە پێویستە لەسەر حکومەتی عیراق هەموو هاوکارییەکی پزیشکی و دەرونی و زانیاری دەربارەی سیکسو منداڵبوون پێشکەش بە کچان و ژنان بکات: بۆ زامنکردنی تەواوی گەیشتنیان وە بەبێ هیچ بەربەستێك بۆ خزمەتگوزاری و زانیاری و هاوکارییەکان بەبێ جیاوازی. هەروەها زامنی ئەوە بکرێت کەوا لایەنی سێیەم نابێتە ئاستەنك بۆ سوودمەندبوونی کچان و ژنان لە مافی گەیشتن بە تەندروستی. وە پێویستە لەسەر حکومەتی عیراق کە تەرکیز لەسەر باشترین شێوازەکانی هاوکاری دەرونی و پزیشکی ومادی و جۆرەکانی تری هاوکاری بکاتەوە، بەمانای پێدانی چاودیرییەکی کۆمەڵگەیی بۆ گەیشتنی ئافرەت بە چاکترین خزمەتگوزاری.

46. هەروەها پێویستە لەسەر عیراق کە ڕێز بگرێت لە مافی تەواوی ئافرەت لە دەستکەوتنی زانیاری پەروەردەیی بەمەبەستی زامنکردنی تەندروستی خێزان و خۆشگوزەرانی وەکو زانیاری و ئامۆژگاری تایبەت بە ڕێکخستنی خێزان. هەروەها پێویستە هاوکاری تەواو پێشکەش بەو ئافرەت و کچانە بکرێت کە سکپڕبوونە بە هەموو مافێکی منداڵبوون و پێدانی خزمەتگوزاری و هەر بڕیارێك کە خۆیان پێیان باش بێت بیدەن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەر حکومەت ئەم یاسایانە ڕوون بکاتەوە کە تایبەتن بە لەباربردنی سکپڕی نەخوازراوو بۆ ئەو کچ و ژنانەی کە دووچاری توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە لەلایەن داعشەوە. هەروەها زامنکردنی ئەوەی کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە لە گەڵ مافەکانی ئەم کچ و ژنانەدا بەپێی یاسا نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکان یەك بگرێتەوە.

## منداڵانی لەدایك بوو لەم ئافرەتانەی کە لەژێر چنگی داعشدا بوونە

47. هەروەها پێویستە لەسەر حکومەتی عیراقی دەستەبەری ئەوە بکات کە ئەو منداڵانەی لەم ئافرەتانە لەدایك بوونە کە لەژێر چنگی داعشدا بوونە، هەموو مافێکیان پارێزراو بێت بەبێ جیاوازی و پەراوێزخستن یان توندوتیژی لەسەر بنەمای بنەچەو ڕەسەن. ئەمەش هەموو ئەم سیاسەتانە دەگرێتەوە لە تۆمارکردنی تازە لەدایکبوون ( بەبێ تۆمارکردنێکی بە جیاوازی کە تایبەت بێت بە شوناسی باوکەکە وەکو " داعشی تیرۆریست" یان تۆمارکردنی منداڵێك بە موسوڵمان کاتێك دایکەکە سەر بە پێکهاتەیەکی نا موسوڵمان بێت لەسەر بنەمای ئیفتیرازی ئاینی باوکەکەو شتی ترەوە ) بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە سوودمەندبن لە هەموو مافە یاساییەکان و پاراستنی پێویست وەك هەر هاوڵاتیەکی ئاسایی هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە مەترسیەکانی تری وەکو نەبوونی شوناسنامەو ئازاردان و پەراوێزخستن و بازرگانی پێکردن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر حکومەت کە گرنگی بدات بە سیاسەتەکانی بۆ ئەو لایەنانەی کە هاوکاریەکان پێشکەش دەکەن وەکو بەهێزکردنی خانەی منداڵان و نەوجەوانان بەتایبەتیش ئەو دەزگایانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن.

48. لە کانونی یەکەمی 2016 دا کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران ئاماژەی بە نزیکەی 800 منداڵ کردووە کە لەدیکبوونیان لەلایەن داعشەوە تۆمار کراوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان. هەموو ئەو دۆکۆمێنتانەی کە لەلایەن داعشەوە دەرکراون لە لایەن حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دانیان پێدا نانرێت. وە واش پێشبینی دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆرتر لە منداڵی تازە لەدایك بوو لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعشدا هەبن کە هیچ جۆرە دۆکۆمێنتەکیان نەبێت. بۆ وەرگرتنی

**بڕوانامەی لەدایکبوونیش پێویستە لەسەر باوان کە دۆخی هاوسەرگیریەکەیان بسەلمێنن، بۆیە ئەمە بۆتە زەحمەتیەکی گەورە لە تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترلی داعشدا لەدایك بوونە بۆ نمونە 1 ) ئایا ئەم دۆکۆمێنتانە لەلایەن داعشەوە دەرچوونە یانیش وونکراون یان لەناوبراون، 2 ) ئەگەر هاتوو باوکی منداڵەکە نادیار بێت وەك حالەتەکانی لاقەکردن و لەشفرۆشی بە زۆرەملێ، 3 ) لە حاڵەتی کە باوکەکە مردبێت یان وونبوبێتن، وەکو حالەتەکانی لاقەکردن و جۆرەکانی توندوتیژی سێکسی 4 ) لە حاڵەتی ئەگەر منداڵێك فرێدرابێت بەهۆی شەرمەزاری و لەکەداری، هەروەها لە حاڵەتێك کە هاتووچۆ سنوورداربێت ( هەروەك لە ئێستادا لە کەمپەکانی ئاوارەکاندا هەیە یان ئەوانەی هیچ جۆرێك لە نوسینگەکانی دادگای باری مەدەنی کاری تێدا ناکەن ) یانیش کاتێك خێزانەکان پارەی سەفەرکردنیان نییە بۆ ئەو شوێنانەی کە نوسینگەی باری کەسی و دادگاکانی لێیە یان پارەی ڕسوماتەکانیان نەبێت هەروەها تێبینی ئەوەش کراوە کە لە شوێنەکانی تۆماردا پێداویستیەکانی تری وەکو پشکنینی خوێن لەم شوێنانەدا بوونی نییە.**

## ح. ڕێکارە پێشنیارکراوەکان

### بە گشتی

**زامنکردنی لێپرسینەوەو نەهێشتنی خۆ دزینەوە لە سزادان و هەموو ئەو ڕێکارانەی کە مەبەست لێیان بەهێزکردنی پاراستنی ژنان و منداڵانە لە توندوتیژی سێکسی، لەنێویشیدا لاقەکرن و جۆرەکانی تری توندوتیژی جەستەیی و دەرونی، وە ئاسانکاری بۆ دەستەبەرکردنی چاودێری و پاراستنی گونجاو بۆ ئەو ژن و منداڵانەی کە دووچاری ئەم توندوتیژییە بونەتەوە.**

**پێویستە لەسەر حکومەتی عیراق گرنگی بدات بەمانەی خوارەوە:**

- **بوون بە ئەندام لە ڕێکەوتننامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وە ناردنی ئەم ململانێ چەکدارییەی عیراق بۆ تایبە تمەندی یان دەسەلاتی دادوەری دادگا.**
- **لەخۆگرتنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پێدانی دەسەلاتی دادوەری ( تایبە تمەندی ) بۆ دادگا ناوخۆییەکان بۆ سەر تاوانە نێودەوڵەتیەکان[20]. هەروەها لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانە گەورەکان بەمانای تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و بەکۆمەڵکوژی.**
- **هەموارکردنەوەی یاساکانی داد پەروەری تاوان و دانانی یاساو سیاسەتی تر بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن و پاراستنی ڕێکارە یاساییەکانی پێویست و پێوەرەکانی دادگایی داد پەروەرانە ( بەم شێوەیەی کە لە دەستوری عراق و یاسای نێودەوڵەتی کە عیراق پێیەوە پابەندە هاتووە ).**
- **پێداچوونەوەو هەموارکردنەوەی یاساو سیاسەتەکانی داد پەروەری تاوانی کارپێکراو بە مەبەستی ئاسانکاری ئافرەتان و منداڵان بە داد پەروەری بەتایبەتی ئەوانەی ئەوانەی کە دووچاری لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی و جەستەیی بوونەتەوە لەگەڵ تاوانبارکردنی تەواوی ئەنجامدەران، هەروەها دانانی یاساو سیاسەتی تر بەمەبەستی برەودان بە پاراستنیان و**

[20] یونامی/ کۆمیسیۆنی باڵا بەهاوکاری OPA هەڵساون بە دامەزراندنی تیمێکی کاری پەیوەست بە لێپرسینەوەو دادگەری لەسەر ئاستی هەرێم و فیدراڵ بە هاوکاری پسپۆڕی نێودەوڵەتی و نێوخۆ.

دەستەبەرکردنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك بۆیان، کە ئەمەش دەبێتە ئاسانکارییەکی تر بۆ گەڕانەوەو هاندانیان بۆ شوێنەکانی خۆیان و دووبارە شیاندنەوەشیان بۆ نێو کۆمەڵگاو خێزانەکانیان لەگەڵ ڕێزێزگرتنی تەواوی مافەکانیان.

- دووبارە پێداچوونەوەو لەباربردنی هەندی لەم یاساو سیاسەتانەی کە ڕێگە دەدات " تاوانی شەرەف" وەك تاوانێکی سووك هەژماربکرێت لەم جۆرە تاوانانەی کە لە دژی ئافرەت و منداڵدا ئە نجام دەدرێن، ئەمە جگە لە ئەحکامەکانی تریش کە جۆرێك لە جیاکاری تێدا بەدی دەکرێت لەدژی ئافرەت و منداڵدا کە دەبنە ڕێگر بۆ گەیشتنیان بە داد پەروەری.
- دامەزراندنی دەستەی دادوەری بۆ بەدۆکۆمێنتکردنی هەموو پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەوانەی کە پەیوەستن بەم ململانێ چەکدارییەی کە لە ئێستادا لەعیراق لەئارا دایە بە پێی پێوەری دادوەری پێویست بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەدواداچوونی دادوەری و دەستنیشانکردنی ئە نجامدەرانی ئەم پێشێلکارییانە ( کە دەکەونە چوارچێوەی تایبە تمەندی دەسەڵاتەکانی حکومەتی عیراق )، ئەمەش دەبێت بە جۆرێك لە ئاسانکاری بۆ قوربانیانی ئەم پێشێلکارییانە بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و مادی گونجاو، بەتایبەتیش بۆ ئەو ژن و منداڵانەی کە دووچاری لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی جەستەیی و دەرونی بوونەتەوە هاوکاری گونجاوی پزیشکی و دەرونی مادی بکرێنەوە.
- دانانای بەرنامەی ڕاهێنانی تایبەت بۆ دادوەران و داواکارە گشتییەکان و ئەو کارمەندانەی کە لە بواری جێبەجێکردنی یاسادا کاردەکەن دەربارەی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی و تاوانی نێودەوڵەتی و هەروەها دەربارەی شێوازەکانی پزیشکی دادوەری ، هەروەها دەربارەی شێوازە پەیڕەو کراوەکان لە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر وە پاراستنی قوربانیان.
- دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی تایبەت بۆ دادوەرەکان و داواکارە گشتییەکان ئەو کارمەندانەی کە لە بواری جێبەجێکردنی یاسادا کاردەن دەربارەی لەیەنە پەیوەستەکان بە جۆری ڕەگەز ( جێندەر) لە جێبەجێکردنی یاسادا، هەروەها دەربارەی ڕێکارە تایبەتەکان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ڕزگاریان بووە لە تاوانەکانن هەروەها دەربارەی ئەو سیاسەتانەی کە ئاسانکاری دەکەن لە گەیشتنی ئافەرت و مندال بە داد پەروەری، بە مەبەستی پاراستنی مافەکانیان لە پرسەیەدا.
- ئە نجامدانی پرۆگرامەکانی مەشقی تایبەت بۆ دادوەرەکان و بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا دەربارەی مافەکانی دادگایکردنی دادگەرانە, لەکاتی خۆی و مەرجەکانی دەستەبەرکردن، بەمەبەستی دڵنیابونەوە لەوەی کە ئافرەتە گومانلێکراوەکان ( یان مەحکومکراوەکان ) بە یارمەتیدانی داعش بەشێوەیەك دەستەبەر کراون کە هاوتەرییە بە پاراستنی مافەکانیان و خێزانەکانیان ڕووبەڕووی تۆڵەسەندنەوەو ئەشکە نجەی دەستەجەمعی نەبوونەتەوە.
- دامەزراندن، هەروها مەشقپێدانی، تۆڕێکی پارێزەران و قوتابیانی بواری یاسا بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەت و ئامۆژگاری یاسایی بێبەرامبەر بۆ جێماوانی توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەر.
- ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی تۆڕەکانی پاڵپشتی لە ژنان لەنێو خودی ئەو گروپانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەر بوونەتەوە، وەك بەشێك لە ڕێخۆشکردن بۆ گەیشتن و ئاسانکاری بۆ مەشقی پیشەیی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان.
- مەشق و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی بواری تەندروستی و دەرونی، مامۆستایانی قوتابخانەو چاودێرانی بواری مافەکانی مرۆڤ پێداویستییە تایبەتەکانی منداڵان کە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەر بوونەتەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەستن بە چاودێری و پاراستنی منداڵان کە باوکەکانیان سەر بە داعش بوون. هەروەها مەشقپێدانی کارگوزاری

کۆمەڵایەتی وکو مامان و چاودێرانی سەر مافەکانی مرۆڤ و پێداویستییە تایبەتەکانی ژنانی جێماوی دەست توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەر.

- ڕێکخستنی کارەکان و فەراهەمکردنی کارئاسانی بۆ دەستگەیشتنی قوربانیان بە خزمەتگوزارییە مرۆیی و جۆرەکانی تری خزمەتگوزاری.
- بەکارخستنی کەمپینەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك دەربارەی لەبەردەستبوونی، هەروەها ڕێگەکانی گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان بۆ ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە دووچاری توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەرو جۆرەکانی تری توندوتیژی بونەتەوە، لەگەڵ تەرخانکردنی ڕاوێژی تەلەفۆنی و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردن و هێلی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆی تایبەت بە هەواڵدان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەربارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەرو توندوتیژی خێزانی بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی ئەم ژن و منداڵانەی کە لە مەترسی دان لەگەڵ زامنکردنی لێپرسینەوە.
- دامەزراندنی خزمەتگوزاری زانیاری و ڕاوێژکردن بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ بەیەکگەیشتنەوەو هاوکاریکردنی خێزانە لەیەك دابڕاوەکان. بەکارخستنی کەمپینەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی دەربارەی توندوتیژی سێکسی و جێندەری، هەروەها سەبارەت بە توندوتیژی خێزانی، ئەمەش بەمەبەستی برەودان و پاراستنی ئافرەتان و منداڵانی بەردەم ئەم جۆرە توندوتیژیە، هەوڵی کۆکردنەوەی پاڵپشتیکردنی ژنان و منداڵان، ئەوانەی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییە بوونەتەوە و ئەوانەش کە بەرپرسیاریەتی ئە نجامدەران دەردەخات.
- دامەزراندنی خزمەتگوزارییە ڕاوێژکاری و زانیارییەکان بۆ ئاسانکاریکردی بەیەکگەیشتنەوە و پاڵپشتیکردنی خێزانە لێکترازاوەکان.
- گونجاندنی یاسا پەیوەندارەکانی تایبەت بە هەڵگرتنەوە لەخۆگرتنی منداڵی تر، لەباربردنی دووگیانیی نەخوازراو و تۆمارکردنی هاوسەرگیری و منداڵبوون بە مەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.
- پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی ئاشتەوایی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە نێوان گروپە ئیتنییەکان وەك بەشێك بنیاتنانی باوەڕبەیەککردن لەنێو خودی گروپەکان و لەنێوان گروپەکان و حکومەتیشدا، ئەمەش بە تیشکخستنەسەر مافەکانی دەستە پەراوێزخراوەکان و بێدەسەلاتکراوەکان لەنێو ئەم گروپانەدا، بەتایبەتیش ئافرەت و منداڵانی کەمئەندام.
- ئە نجامدانی مەشقو ڕاهێنان بۆ هێزە ئەمنییە عیراقی و کوردستانییەکان و هێزەکانی جێبەجێکردنی یاسا لەسەر هۆشیارکردنەوە لەسەر جۆری ڕەگەز.
- جێبەجێکردنی هەموو ئەو ئەرکانەی کە لەبەیاننامە هاوبەشەکەی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراقیدا هاتوون دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێکاندا

## پاراستنی منداڵان لە جیاکاری و مامەڵەی دڵڕەقانە

پێویستە حکومەتی عیراق:

- یاساو حوکمەکانی پەیوەست بە تۆمارکردنی لەدایکبوون لە هەموو شوێنەکاندا ڕێکبخات و سادەییکات بە سیستەماتیکی بکات، هەروەها چاکسازیی دامەزراوەیی لەبەرچاو بگرێت بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە کاری دۆکیۆمێنتکردن.
- بوونی ئۆفیسی یەدەگی تایبەت بە باری مەدەنی فەراهەم بکات کە تێیدا بتوانرێت دۆکیۆمێنتکردن و تۆمارکردن ئە نجام بدرێت.

- دڵنیابوونەوە لەوەی کە منداڵان (بەگوێرەی باری کەسێتی و ناسنامەی نیشتیمانی) دایکانیان تۆمار بکرێن بۆ ئەوەی هیچ دەرەنجامێکی نەرێنی کۆمەڵایەتی و جیاکاری و لەخشتەبردنی ئەو منداڵانەی لەدەروەی هاوسەرگیری یان ئەوانەی لە باوکێکی چەکداری داعشەوە ( جاچ لە دەرەنجامی هاوسەرگیری یان لاقەکردن لە دایکبووبن ) لەدایکدەبن لێنەکەوێتەوە.
- تۆمارنەکردنی ئاینی منداڵ لەسەر بنەمای ئاینی باوك ( بۆ نمونە، ناونوسکردنی منداڵ بە موسوڵمان تەنها لەسەر ئەو بنەمایەی کە باوکیا ئەندامی داعش بوونە، یان بە پێچەوانەوە ).
- زانیاری دەربارەی باوك لەسەر بڕوانامەی لەدایکبوونی منداڵ تۆمار نەکرێت، نەوەك ئەمە ببێتەهۆی جیاکاری بەرامبەر منداڵەکەو پەراوێزخستن و توندوتیژی نواندن بەرانبەر منداڵەکە ( بەهۆکاری ئەوەی باوکەکەی چەکداری داعش بووە )

**کۆتایی**